ڕەفیق سابیر

# وەرزی سەهۆڵبەندان

VII

بەسەر شانی بروسکەدا سەر دەکەوم
لە دیاردەکان ورد دەبمەوە
سەرم بە زریان دەسپێرم
لە پاڵ دوورترین دوندەوە
ڕۆژەکانم وێنەی تاوێرێکی تۆقیو
بەرەو بناری داهاتوو هەڵدەدێرم.

بەسەر شانی دارستاندا سەر دەکەوم
سەرم بە شمشێر دەسپێرم
بە نێو لێڵایی گومان و هەورێکی لەنگەرگرتوودا
ڕۆحی سرک و بێ سێبەرم
بەرەو دۆڵی بێکۆتایی هەڵدەدێرم.

VIII

سەر بە سنگی قوپاوم کە!
با هەناسەیەکی پاک و قووڵ هەڵکێشم
من دەمەوێت
لە نێو خەونی وەنەوشەیی و ئاڵی تۆدا
تابلۆی وڵات بە ڕەنگی ئاوی بکێشم.

سەر بە ڕۆحی هەستاوم کە!
تا بێبینم

تا بۆ ساتێک لە نێو خەونی منداڵانە و کاڵی تۆدا
وڵات لە ئامێز بگرم و
لانکەی داهاتوو ڕاژێنم،
دەستی تووڕەم لە ڕووی سەردەمدا هەڵببڕم
خۆم بە بروسکە بچوێنم.

گیانە ئەمشەو تا بەیانی دەرگای ڕۆحم لەسەرپشتە، با هەموو زۆردارانی مێژوو
تەراتێنی تێدا بکەن.
با سەگەبەڕەڵا و باڵندە بێ لانەکانیش لە ناویدا ئارام بگرن.
لەم شەوەدا زۆرداران و گەرد و مژی هەموو سەدەکان خۆیان بەرەو بناری ڕۆحم دەکوتن
و
لە پاڵیدا دەحەسێنەوە. دەزانم بەرەبەیان وەکو پیاڵەی مەیخانە، وەک ڕەبییەیەکی
تەپیو
بە تەنیا جێی دەهێڵن.
دەزانم هەر تۆ سەرداری ئەم ڕۆحە داگیرساوەیت
بەستەی ئەم گەرووە نووساوەیت
هەمان خەونە لاسارەکەی ئەم شاعیرە ڕاونراوەیت.

لەو هەورازەوە مردن وەک سوارێکی ڕەشپۆش شۆڕ دەبێتەوە، وەک پۆلێک تەم لەسەر
پەنجەرەی ژوورەکەم هەڵدەنیشێت و شەوباشم لێ دەکات. من خۆمی لێ نەناس دەکەم.
هێشتا گۆرانییەکەم تەواو نەکردووە. چاوانی لەیلام نەکردۆتە خەو. هێشتا وەڵامی
نامەی
دۆستانم نەداوەتەوە.
دەزانم هێشتا مێژوو جەنگەڵە، یان تەویلەی زۆردارانە، کەچی ئەمشەو بروسکە زین
دەکەم و
هەڵت دەگرم. جارێکی دی داربەڕوو دەکەمەوە زرێ بە بازووی پرۆلیتارییانەم ئاسۆی
خۆڵاوی و ژێردەستە دادەپۆشم، ئاڵاکەم وەک بەیان لەسەر دوندی خۆڵەمێش و وێنەی
ئاشتی

**لەسەر کەلاوەی مێژوو هەڵدەکەم. وەرزێک دەکەمە نۆماڵ کە زەیستانە. لە ناکاو بروسکەیەک**
**تەڕم دەکات. لە ئاسمانی وەنەوشەییڕا بە سووتاندا دێمە خواریێ!**

**تەنیا ڕێکەوتێکی ڕووت بوو کە بە دەستی پێشمەرگەیەکی ڕوتەڵەی شیعرپەروەر شەهید نەکرام.**
**تەنیا ڕێکەوتێکی ڕووت بوو کە تۆ وەک گوللەیەکی وێڵ لە ناو دڵمدا گیرسایتەوە.**
**تەنیا**
**ڕێکەوتێکی ڕووت بوو......**
**دەزانم**
**گیانە**
**دەزانم!**
**ئەم هەوارە "هەوارێکی چ پڕ هاوارە بێ تۆ"**5
**دەزانم گیانە دەزانم!**
**ئەم زەمانە زەمانێکی چ بێ ئامانە بێ تۆ**
**دەزانم گیانە دەزانم!**
**دوو دڵداری بێ وڵاتین**
**چەپەری چوقۆ دەبڕین**
**دوو دڵداری یاخی و لاتین**
**لاوکی مەحاڵ دەچڕین**
**دوو دڵداری ڕۆژهەڵاتین**
**ئاڵای برین هەڵدەبڕین**
**سەر بە جەنگەڵ دەکەین و**
**ئێشک لە گەردوون دەگرین**
**دوو دڵداری بێ وڵاتین**
**دوو دڵداری ڕۆژهەڵاتین!**

با ئەم هەورانە هەر ڕەت بن دەنکە لمێکی سووتاوی کەناری دڵم تەڕ نەکەن. با جاش و بیژووی هەرەس و فڕۆکە هارەکان ماچی لێوانمان بدزن و بە تەنیا لە پاڵ کەلاوەدا جێ بمێنم.

دەزانم کە ئەم شانۆیە، لە ناکاو، خۆی پێچایەوە دەبێت شووشە بەتاڵەکان کۆ بکەمەوە،

دەبێت ئەم ناوە خاوێن بکەمەوە، یان دەبێت بە دەستی لەرزۆکم ملم بەرەو پەتەکە هەڵببڕم، خەنجەرەکە لە نێو دڵمدا نقووم بکەم و جارێکی دی لاوکی جوانەمەرگیم بچڕمەوە. تۆیش (مادۆنا)

ڕەشپۆشەکەم بە تەنیا گالیسکەی نەبوون ڕادەکێشیت.. جوانەمەرگیم بە فرمێسکان دەشۆیتەوە و

ژیان لە خم هەڵدەکێشیت.

دەزانم گیانە دەزانم

بەڵام خۆشم دەوێیت

دەزانم

گیانە دەزانم!

بەڵام......

ئەمشەو هاتووم لەبەر پشکۆی بەر باراندا
بۆ چاوانی پیرۆزەییت گۆرانی لاساری دەچڕم
بۆ بەرۆکت چەپکێک ئەستێرە دادەگرم
لەسەر تاوێری تینوێتی ئادگاری خۆم هەڵدەکپڵم
ڕێ بە ڕێژنە و لافاو دەگرم.

بە نێو ئاژاوە و سەگوەڕدا
بەرەو لات دێم
چەپکێک ئەستێرە دادەگرم
سەرم دەکەم بە کەژاوەی نهێنییەکان
ئالای بروسکە هەڵدەبڕم

**لە بیابانی سەهۆڵدا**
**لە نێوان هاژە و شەپۆلدا**
**چرایەک بە بەژنی "با"دا هەڵدەواسم**
**لەگەڵ تۆ**
**ڕێی نەهات دەبڕم.**

**جارێکی دی**
**مەنفا ئاشقی کردەوە**
**جارێکی دی**
**ئەڤین منداڵی کردەوە**
**لە تاریکیی سەدەکاندا**
**نهێنی هەڵی گرتەوە.**
**لە نێوان کانی و سەرابدا**
**چرای گومان و مەحاڵی هەڵکردەوە**
**بە باڵای تیشکدا هەڵگەڕا**
**ڕۆحی تینووی بە ڕێژنە و ئاگر شووشتەوە**

**جارێکی دی**
**ئەڤین منداڵی کردەوە**
**سەری بە سنگی دەریا کرد**
**قۆڵەکانی بە سەر داهاتوو و مێژوودا شۆڕ کردەوە.**
**سۆفیا- بولگارستان** 1986

## پەراوێزەکان:

.................

1- **لە بەیتی فۆلکلۆری سێوەخانێ وەرگیراوە.**
2- **من ڕازی نەبووم**
**کە هەڵیان گرتیت**

**من ڕازی نەبووم**

**داگیریان کردیت**

**من ڕازی نەبووم**

**کە چەکیان کردیت**

**وێنەی کاڵایەک**

**هەڕاجیان کردیت**

**من ڕازی نەبووم...**

**من ڕازی نەبووم...**

3 **ـ ئەم دوو دێڕە بە کەمێک دەستکارییەوە لە هۆنراوەیەکی شاعیری ناسراوی عێراقی (سەعدی یوسف) وەرگیراوە کە دەڵێت:**

**البرابر استجمعوا للصلاة الاخيرة اربابهم**

بداة دخلوا القرية بالسيف

**بڕوانە:** سعدي يوسف. **قصائد اقل صمتا**، دار الفارابي، بيروت 1979 **لاپەڕە** 51، 69

4، 5 **دوو دێڕە هۆنراوەی (نالی)یە.**